## وشە زیندووەکان و دەربڕینە نەمرەکان

ـ د. ئەحمەد قەرەنی ـ

هەموو وشەکانی ئاخاوتنی ئاسایی لە فەرهەنگی زمانەوە وەردەگیرێن و، دووبارە بە پێی پێویست لەنێو ڕستە سادە و ئاوێتەکاندا ڕیزدەکرێن و، مەبەستێکی داخوازراوی پێ ئەنجام دەدرێت و، دەربڕینێکی تایبەت بەو دۆخەوە پێك دێنێت، بۆیە مەرج نییە هەمان دەربڕین لای قسەپێکەرەکەی دووبارە ببێتەوە، یانیش لە لایەن خەڵکەکی دیکەوە بەکاربهێنرێت.

لێرەدا جیاوازی لە نێوان سامانی وشە فەرهەنگییەکان و جۆری دەربڕینە زمانییەکان بەزەقی دیارەو پسپۆری زمانەوانی و ڕەخنەگری ئەدەبی پێش خەڵکێکی دیکە هەستی پێ دەکەن، چونکە بابەتێکی گرنگەو پێویستی بە سەرڕاوەستان و لێکدانەوەو شیکردنەوەو تەنانەت هەڵسەنگاندنێکی پێوانەییشەوە هەیە.

ئەگەر ئەم بۆچوونەی سەرەوە پەسەند بکرێت، ئەوە دەگەینە ئەنجامێکی گۆمانبڕ کە: هەر کەسێکی سەر بەو زمانەوە بێت، گەنجینەیەکی ناژمێردراو لە وشە فەرهەنگییەکان لە مێشکیدا هەیەو، بەردەوام و بەپێی پێویست بەکاریان دێنێت و، ئەگەر ئەمە شتێکی گشتی بێت و لە ڕووی چەندێتییەوە لای هەموو تاکێکی قسەپێکەری ئەو زمانە وەکو یەك پەیڕەو دەکرێت، بەڵام لەڕووی چۆنییەتی بەکارهێنانیان هەرگیز وەکو یەك نین و هەر تاکێکی کۆمەڵ لە قسەکردندا شێوازێکی تایبەتی خۆی هەیەو، بە پێی شێوازی دەربڕینییەکانییەوە کەسایەتییەکەی دەستنیشان دەکرێت.

لێرەدا پرسیارێکی هەستیار سەر هەڵدەدات: بۆچی هەندێك پەندو قسەی نەستەق لەسەر زاری زۆربەی خەڵکی هاوزمانەوە دووبارە دەبنەوەو بووەنەتە دەربڕینێکی گشتی و چوارچێوەیەکی ستاندارتیان وەرگرتووە؟؟.. ئەمەش دەقاودەق پێچەوانەی بیروڕای سەرەوەیە!؟

بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە دەتوانین پشت بە میتۆدێکی ڕەخنەیی ـ مەعریفی ببەستین، کە ئەو میتۆدەش جەخت لەسەر ئەو ڕاستییە زانستییە دەکات کە هیچ دەربڕینێکی زمانەوانی حوکمی وشە فەرهەنگییەکان وەرناگرێت ئەگەر تێکەڵاوی سایکلۆجییەتی تاکەکانی کۆمەڵ نەبوویێت.

ئەگەر ئەم بۆچوونەی سەرەوەش پەسەند بکرێت، ئەوە ڕووبەڕووی پرسیارێکی قووڵتر دەبینەوە، ئەویش ئەوەیە کە: کەی و چۆن دەربڕینە زمانییەکان تێکەڵی دەروونی مرۆڤ دەبن؟

بە پێی ئەو بۆچوونانەی تیۆرە ڕەخنەییەکان دەیسەلمێنن، دەکرێت دەربڕینەکانی هەر کەسێك بە دوو ڕێگەی جودا تێکەڵی دەروونی بەرامبەر بن:

١ـ ئەگەر گوزارش لە هاودژییەك بكەن، كە هەردوو لایەنی پێچەوانەی یەكدی بن، بەڵام كاتێـك دژ یەك دەوەستن شتێكی نوێ لێ پەیدا دەبێت، چـونكە گـەردوون بـە هـەموو وردەكارییەكانییـەوە لەسەر ئەم سیسـتەمە پێكهـاتووە، كـە دوو شـت دژیـەك دەبـن و هاوسـەنگی هاوكێشـەیەكی بەرامبەر یەكدی ڕادەگرن و گرێییەكانی ژیان پەیتا پەیتا دەكەنەوەو، گەورەترین گرێش ئەوە بووە كە ئادەمیزاد ئەو ڕاستییەی دۆزیوەتەوە كە لە هاوسەنگی دژیەكەكاندا: كەرەستەكان لـە دۆخـی جووڵانەوەدا وزە دەبەخشن و، ژیانی زینـدەوەرانیش لـە پاراسـتنی هاوسـەنگییەكاندا بـەردەوام دەبێت.

٢ـ ئەگەر دەربڕینەكە دوو مانا هەڵبگرێت. مانایێكی دیار كە دەگوترێت و مانایێكی شـاراوە كـە بیسەر لێی تێدەگات.

هەر دەربڕینێكی بیستراو كە یەكێك لەم دوو مەرجانەی سەرەوە تێدا بێت، ئەوە لـە نێـو بیردانكـی تاكەكانی كۆمەڵدا دەپارێزرێت و لە كاتی پێویستدا بەكاری دێننەوە...

ئەم پرۆسەیەش بە دوو شێوە ئەنجام دەدرێت:

١ـ ئەگەر دەربڕینەكە زارەكی بێت. ئەوە وەكو پەندی پێشینان و قسەی نەستەق و بەنـدو ئیـدیۆم و حەیرانۆك... دادەڕێژرێن و دەماودەم لە نەوەیەكەوە بۆ نەوەیەكی دیكە دەگوازرێنەوە.

٢ـ ئەگەر دەربڕینەكە لە ئەنجامی ڕەفتارێكی ئاوێتەیی كە بە هۆی چەندین ڕووداو دروست بووبێت، ئەوە وەكو داستان و چیرۆك و دەمەتەقێ و گۆرانی... دەمێننەوە.

**لە هەردوو حاڵەتی سەرەوەیشدا، ئەم گەنجینە دەوڵەمەندەی دەربڕینەكان پێویستی بە تۆماركردنە، كە چۆن وشەكان لە نێو فەرهەنگە زمانییەكاندا ڕێك دەخرێن و بە زیندوویی دەمێننەوە. بە هەمان شێوە، دەكرێـت ئـەو دەربڕینـە زارەكـی و ڕەفتارییـەكانیش وەك سـامانێكی نەتـەوەیی لـە نێـو ئینسكلۆپیدییە كەلەپوورییەكاندا بپارێزرێن و بەنەمری بمێننەوە.**